# گلەییەکی زانستیانە

<u>**شیوعیەکی لەنگە فرۆش**</u>

**بۆ بەرێز کاك کەمال شاکر سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان**

**سڵاوو** ..........

وەك دیار دەیەکی زانستی باو, هەموو ئەو زاراوە سیاسیانەی دێنە نێو ئەدەبیاتی سیاسی, لەسەرەتادا پێویستییان بە ناساندن هەیەو بەشێوەکی ورد رون دەکرێنەوە, کە ئەم زاراوەیە چی دەگەیێنێ,ئینجا دەکەوێتە نێو بواری پراکتیك. بـــەلام جەنابت لەم گۆنگرە رۆژنامەیەی کە لە یادی 12 سالەی دامەزراندنی حزبی شیوعی بەستت,دەستەواژەیەکی نۆێت هێناوەتە نێو ئەندەبیاتی شیوعی بەمەش سەلماندت کە جەنابت بێجگە لە داهێنانی نوکتە ئیمکانیەتی داهێنانی دەستەواژەشت هەیە.

**شیوعی لەنگە** هاتە ریزی ئەو دەستەواژانی تر, کەماوەیەکە لەنێو ئەدەبیاتی شیوعی ئامادەییان هەیە, وەك کۆنە شیوعی, شیوعیە دابراوەکان,زیندانیە شیوعیەکان,شیوعیە کلاسیکیەکان,شیوعیە توند رەوەکان, شیوعیە روخاوەکان, پیرە شیوعیــەکان .......هتد. بەلام جەنابت پێش ناساندنی ئەم دەستەواژەیە بۆ خەلکی عامیە یەکسەر بەکـــارت هێنا, ئەمەیان هەر چەندە تەجاوزە بەسەر یاساکانی زانستی, کێشەیەکی گەورەشت بۆ ئەوانەی خۆیان بە شیوعی دەزانن, دروست کردیە, کـە ژمارەیەکی زۆر لە شیوعیەکان نازانن دەکەونە ئەم گرۆپە یان نا!!! باشە ئەوانەی خۆیان بە شیوعی لەنگە نازانن چ شیوعیەکەن, ئەو دەستەواژەیە چیە دەبێتە ناوی ئەم گرۆپە!!! شیوعی کۆگا !!! چونکە دەبێت ناوێکیان هەبێت , پێچەوانەی لەنگەش کــوگایە.

بەرێزم لە روی چینایەتیشەوە تەجاوزێکی گەورت لەسەر خەلکی زەحمتکیش کرد,لە خوێندنەوەیەکی سەرتاییدا, وا دەردەکەوێت کە ناوی لەنگەت بەکەم نرخاند,لە کاتێکدا بۆ ماوەیەکی باش لە کاتی ئابلوقەی ئابووری, لەنگە پۆشاکێکی باش بوو بۆ خەلکی زەحمەت کێش, کە ئەگەر ئەو نەبایە رێژەکی زۆر لە خەلکی زەحمتکێش بێ پۆشاك دەبوون لەلایەك و فروشتنیشی کارو پیشەیەکی باش بوو بۆ کۆمەلێك خەلکی زەحمەتکیش لە لایەکیتر (بۆ زانینت ئەوە هەندێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی حزبەکەشت لەنگە فرۆش بوون,لەوانەیە لێیان شاردبیتەوە) یان لە بیریان کردیە!!!!!!!!!!!!

هەرچەندە جەنابت ئەو دەستەواژە نوێیەت بۆ ئەو کەسانە بەکار هێنا , کە بەچاوێکی رێزەوە سەیری خەباتی ئافرەتان ناکەن لە رێزەکانی حزبی شیوعی کوردستان, بۆیە وەزعی حزب لە نێو ئافرەتـاندا مال وێرانە,نەمان زانی ئەو شیوعی لەنگانە لە سەرکردایەتین. یان لە رێزەکانی خوارەوەن, کە بوونەتە بەربەست ,لەبەر دەم بەجەماوەر بوونی حزب لە نێو ئافرەتـان, بە تەکید دەبێت لە سەرکردایەتیدابن چونکە ئەوان سیاسەتی حزب بەرێوە دەبەن و ئەوان خاوەنی قسەی یەکەم و کوتاین ئەوان دەتوانن ببنە رێخۆشکەر یان بەربەست بۆ هەر کارێك, نەك ئەوانەی خوارەوە کە لە تێروانینی جەنابت فەرمانبەرێکی حزبەکەتن.

بەرێزم ئەوە جەنابت بۆیتە داهێنەری ئەم دەستەواژەیە,بۆیە هەر لەسەر جەنابیشتە پێناسەی بکەیت,ئەگەر مەبەستت ئەوانەیە کە وەك بەرێزت,هەلسوکەوت ناکەن ئەوە بە دلنیایەوە بێجە لەجەنابت و ئەوانەی چواردەورتی لێدەرچیت,ئەوانی تر

هەموو,شیوعی لەنگەن, چونگە نە سەفیر بوونە لە سۆڤیەت نە وەزیر لە کوردستان, نەزانانە وەك کێوی چەندین سال لە شاخ و پاش راپەرینیش, یان جوتیار یان لەنگە فرۆش یان دەست فرۆش, تـــــا ئێستاش نازانن پانتۆلێکی سپی لەبەربکەن, دانیشتوی گەرەکەکانی گێمەدێ و باداوە و سیتاقان و سیداون کە جەنابت هەر نەتدیون, تا ئێستا ناومـــــالی وەزیرێکیان نەبینیوە,لە ژیانیان چەقو و چەنگالیان بۆ نان خواردن بەکار نەهێنایە,هیچ بەیانیەك شیریـان نەخواردۆتەوە, نـــەخواستە خۆیان پێ بشۆن, کەلەرەق بەرامبەر دوژمن, نازانن ماستاو بـــــکەن ئەوەی بەرژەوندی شەخسی خۆیانە نایزانن, نوکتە ئەوە هەرهیچ, لە کرینی دیاری بۆ کچە نشمیلەکان کۆلەوارن.کەسیان تەمەنی لـە گەل خێزانەکەی 30 سالی نێوان نیە, کەسیان لەیەك کاتدا ئەندامی مەکتەبی سیاسی دوو حزب نەبووە و بـــــــەبێ بوونی هیچ ئەرکێك.

بەرێزم هەرچەندە ئەوانەی لە نزیکەوە شارەزایی توانای جەنابت نین لە رووی سەرکردایەتی, وادەزانن لەوەتی جەنابت بۆیتە سکرتێر, حزب پوکاوەتەوە,نازانن لە شەرێکی توندداین بۆ پاکسازی لە نێو رێکخستنەکان حزب, ئەوەی ئـــــامادەیە وەك شیوعیەکی کوگا هەلسوکوت بـــــکا, ئەوە جێگا لە نێو حزبدا دەبێتەوە,ئەوانی تر بەخۆشیبێت یـان ناخۆشی,دەبێت حزب بەجێبێلن,چونکە کارکردن لەگەلیاندا مەحالە,ئەوەندە لەنگەیین,کە هەندێ جـــــار پیاو ناچار دەبێت دۆقـــــەیان لـــەگەل بکات,دەبێت لە دواییدا نیو سەعات دەستت بە دیتۆل بەشۆیت(هەرچەند جەنابت زۆر بـــــە دەگمەن لەنێو ئەمانە دەبیندرێت,چونك جەنابت بێجگە لە دەستت پانتۆلکەشت تۆزاوی دەبێت) .